شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی دەستگیرکردنی تیرۆریستێک و شەش بازرگانی مادەی هۆشبەر لە بابل و نەجەف ڕاگەیاند



ئەمڕۆ یەکشەممە ،شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی دەستگیرکردنی تیرۆریستێکی مەترسیدار و شەش بازرگانی مادەی هۆشبەری لە بابل و نەجەف ڕاگەیاند.

شانەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند- بە پشتبەستن بە زانیاری هەواگری،هێزەکانی بەدواوبڕایەتی هەواگری و ئاسایشی "بابل"ی سەر بە بەدواوبڕایەتیی گشتی هەواگری و ئاسایش لە وەزارەتی بەرگری توانیان یەکێک لە ئەندامانی باندە تیرۆریستیەکانی داعش کە پێشتر بەشداری زۆرێک لە تاوانە تیرۆریستییەکانی ناحیەی جورف نەسری کردوە و تەقەمەنی و چەکی بۆ تیرۆریستان گواستبتەوە.

بەپێی بەیاننامەکە:- تاوانبار بەپێی بڕگەکانی مادەی (٤)ی یاسای دژە تیرۆر فەرمانی دەستگیرکردنی هەبووە، دەستگیرکردنەکەش لەگەڵی بەسەیەکی وردەوە بووە لە نەوان پارێزگای ئەنبار بە ناحیەی ئەسکەندەریە.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:- لەلایەکی تر هێزەکانی هەمان بەدواوبڕایەتیە،بە هاوکاری بەرەوبڕایەتی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و یەکێی بەرپەرچدانەوەی خراپ،دوو لە مەترسیدارترین بازرگانانی ماددە هۆشبەری دوای پێکدادانێکی توند لە پارێزگای کەربەلا دەستگیرکران،کە پێشتر فەرمانی دادوەریان لە دژی دەرکرابوو بەپێی بڕگەکانی مادەی (28)ی

هەشبەرەکان.

هەر لەو چوارچێوەیەدا هەڵمەتی بەناوبانگی هەواڵگری و ئاسایشی نەتەوەیی، بە هاوکاری وردی هەواڵگری و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەناوبانگترین کۆنترۆڵی ماددە هەشبەرەکان،چوار بازرگانی مادەی هەشبەریان بە مادەی هەشبەرەوە دەستگیرکرد،کە لەهەمانکاتدا چەند کەرەستە و نارنجک و چەکی سوکیان پێ بوو .